# دڕندە بەردییەکان



Written and Illustrated by Amanda Marshall




ڕەنگە باسی دڕندەکانت بیستبێت،
وە وابیربکەیتەوە ترسناکن

چاویان سەیر سەمەرەو ددانیان تیژ،
وە هەندێکیانیش توکن

بەڵام دڕندە بەردییەکان جیاوازن،
بەڕاستی زۆر باشن

کەواتە ئەگەر یەکێکیانت بینی ،گوێگرە،
ئامۆژگاریمان پێشکەش دەکەن



ڤایرۆسێک پەیدا بووە
ناویان لێناوە کۆڤید_١٩

هەرچەندە ئەوەندە بچووکە بە چاو نابینرێت
ئەتوانێت تۆ نەخۆش بخات

کەوایە پێویستە لە نزیکی ماڵەوە بمێنینەوە
وە ناتوانین بچینە زۆر شوێن

بیری خێزانەکانمان دەکەین،بێگومان
لەگەڵ ڕوخساری کەسە ئازیزەکانمان



کەوایە کاتێک بە شەقامدا دەڕۆیت
وە چاوەکانت تەواو کراوەن

بگەڕێ بە دوای هاوڕێ بچووکە دڕندەکاندا
ئەواڵن بەڕاستی حەزیان لە خۆ حەشاردانە

وە لێرەن بۆئەوەی ئێمە دڵخۆش بکەن
هەروەها بە بیرمان بهێننەوە

کە چۆن یەکدیمان خۆشبوێت
وە هەندێک شتی گرینگیش کە بیکەین



درندە سوورەکان ، دڵنیائەکەنەوە
لەوەی کە هەموو کەسێ تێدەگات

کە دەبێ زۆر بە پاکوخاوێنی بمێنینەوە
وە دەستەکانمان بشۆین،بشۆین،بشۆین

کەواتە هەر کە سوورێکت بینی بوەستە!
وە ئەم پرسیارە لە خۆت بکە:

«ئایا دەستەکانم خاوێنن؟!» ئەگەر نا
بیان شۆرە، ئەمە لە تەنیا پێشنیارێک گرنگترە



بەردە زەردەکان دڵخۆشن،
لەژێر دارەکان خۆیان شاردۆتەوە

دەیانەوێت بە بیرمان بهێننەوە
چاومان لەسەر لایەنە باشەکە بێت

ڕەنگە هەست بە تەنهایی بکەین، بیری هاوڕێیان،
پارکەکان،دوکان و قوتابخانەکان بکەین

بەڵام ئەتوانین پەیوەندی بکەین بەو ئازیزانەمان
کە یاساکان پەیڕەو ئەکەن

بەردە شینەکان لێرەن تا پێمان بڵێن
کە پێویستە بوەستین و بڵێین

سوپاس بۆ ئەوانەی ژیانی خۆیان خستوەتە مەترسیەوە
هەمیشە و هەموو ڕۆژێ

پزیشکەکان، پەرستارەکان، شۆفێرەکان،
فرۆشیارەکان، زاناکان و ئەوانی تریش

کە کاردەکەن تا ئێمە تەندروست بمێنینەوە
وە زۆر شت هەیە تا سوپاسیان بکەین بۆی!



دڕنده بەردییە سەوزەکان پێمان ئەڵێن
کە جەستەمان بەهێز بکەین

جەستەت بجوڵێنە - هەڵپەڕە، ڕاکە ، بازدە
ئاگاداربە و بە باشی بیکە

خواردنە تەندروستەکان تا ئەتوانی بخۆ
سەوزە و میوەکان باشترینیانن

تا بتوانیت دژی ئەو ڤایرۆسانە بجەنگی
کە ڕەنگە بیانەوێت توشتبکەن

درندە مۆرەکان پێمان ئەڵێن
لە کاتێکدا کە لەبیرمان چووەوە
کە گەورەکان هەن ئاگایان لێمان بێت،
ئایا کارێکی ئاسانە، نا نەخێر وانیە

ئەوان بە سەختی کاردەکەن تا ئێمە پارێزراوبین،
وە تۆیان زۆر زۆر خۆشدەوێت

ئەوان خواردن و جلت پێدەدەن، لەگەڵ خۆشی
وە خانووت بۆ دابین ئەکەن



کاری گەورەکان ئێستا گران بووە
سەختە هەموو ڕۆژەکە لە ماڵەوە بیت

کاری زۆریان هەیە ئەنجامی بدەن،
ناتوانن تەنیا دابنیشن و یاری بکەن

کەواتە ئەگەر دەتوانی یارمەتیدەر بیت
میهرەبان بە ، هاوکاری بکە

درندە مۆرەکان شانازی دەکەن و
پێیان وایە کە تۆ زۆر باشیت!





بەردە پەمەیی، سپی، و قاوەییەکان
پرتەقاڵی، زیوی و زێڕییەکان

شتێکی گرنگمان بیردەخەنەوە
گرنگترینە کە بە من وترابێت

کە خەڵکی زۆر هەیە لەسەر ئەم زەوییە
گەورە و زەبەلاحە

وە هەرچەندە هەموومان جیاوازین
هەر یەکێک لە ئێمە بەهادارە

ئێمە هەموو پێکەوە پەیوەستین
هەرچەندە هەست بکەین کە جیاین

کەواتە خۆشەویستی بە هەمووان ببەخشە
لە ناخی دڵتەوە

لە خەڵکی دوور بە
بۆ ماوەیەک، ئەگەر دەتوانی

لەگەڵ ئەوانەی خۆشیان دەوێی قسە بکە
وە پلانێک داڕێژە

زۆرترین کەس هەست بکەن
کە گرنگیی دەدەیت و ئەرێنیت

پەیوەندی بکە بە هاوڕێ یا ئازیزێکەوە
تا ڕۆژەکەیان پڕکەیت لە خۆشی





تۆش دڕندە بەردییەکان بۆ خۆت دروستبکە
تا لە دەوروبەرت بیان شاریتەوە

بەردەکان بە ئەو کەسانەی دەیانبینن دەڵێن
ئێمە ئەوەی کە پێویستە دەیکەین

دەست شۆردن و مانەوە لە ماڵەوە
خۆشویستنی کەسانی دوور لێمان

وە ئەو کەسانەش کە دەناڵێنن و
وەکو ئێمە بە بەخت نین

کەواتە کە بۆ دڕندەکان دەگەڕێیت
ئەگەر هاوڕێیەک یا دراوسێیەکت بینی

دەستت هەڵبڕە و سڵاوێک بکە
لەم بارەدا ئێمە هەموو پێکەوەین،تاکو کۆتایی



# کۆتایی

[WWW.ROCKMONSTERS.COM](WWW.ROCKMONSTERS.COM)

Facebook or Instagram:
@rockmonsterfriends
#rockmonsterfriends